


### ئەحمەد مەریوان پاڵەوانی لەشجوانی جیهانی:

# لەسەر ئەرکی خۆم بەشداری لە پاڵەوانێتی جیهان دەکەم

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی لەشجوانی بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئاستێکی باشدایەو لە چاو یارییەکانی تری وەرزشی بەپێی پێویست بایەخیان پێداوە.

*** وەکو پاڵەوانێك پێتوایە بۆ بەرەوپێش چوونی ئەم یارییە دەبێت چی بکرێت؟**

- پێم باشە بایەخی زیاتر بەم یارییە بدەن و بە هەموو روحێکی وەرزشیی سەیری ئەم یارییە بکرێت. ئەو کەسەی هیوای ئەوەیە هۆڵی لەشجوانی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ تاکو نیوەی کارەکانی بەردەوام بێت، هەر بەرپرسێکی ئەو شارە لە ئەستۆی خۆی بگرێت، هاوکاری دارایی بکات، تا بتوانێت زیاتر یاری لەشجوانی بخاتە بەرچاوی گەنجانی کوردستان و زیاتر بەرەوپێش بچێت، بایەخی زیاتر بە یاریزانانی لاو بدرێت و هانیان بدەن بۆ هاتنیان بۆ ئەم یارییە.

*** کردنەوەی پاڵەوانێتی ساڵانە ئەویش تەنیا بۆ یەکجار، ئایا دەبێتە هۆکار بۆ پێشوەچوونی ئەم یارییە؟**

- بەڵێ، چونکە گرنگیی خۆی هەیە، تا بزانن کە پاڵەوانێتی لەشجوانی هەیە و خەڵکێکی زۆر بینەری بن، یاخود لە نزیکەوە راستییەکانی یارییەکە دیار بکەن بۆ جەماوەر، ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ پێشەوەچوونی ئەم یارییە، ئەگەر زیاتریش بکرێتەوە باشتر دەبێت.

*** گرفتی یاری لەشجوانی لە چی دەبینی؟**

- رەنگدانەوەی یاریی لەشجوانی خۆی لە خۆیدایە کە لەبەر چاوی هەموو مرۆڤێك جیاوازە و لەش و لارێکی جوان و پوختە و تەندروست دەداتە وەرزشکاری ئەم یارییە و لە ناو کۆمەڵگەش وەرزشکاری لەشجوانی جەستەیەکی جێی سەرەنجی هەیە و خۆی دەسەلمێنێت لە لەشجوانی و وەرزشەکەی، بەڵام پێویستە زیاتر گرنگی بە توانای لاوان بدرێت و هۆڵی تایبەت بکرێتەوە بۆ وەرزشکاران.

*** کردنەوەی ئەم هۆڵانە تا چەند لایەنێکی خزمەتە و ئەوی دیکەی بازرگانییە؟**

- گرنگ ئەوەیە کردنەوەی ئەم هۆڵانە خزمەتێکی تەواوی هەیە بۆ مرۆڤ و سوودی زۆرە، دەتوانم بڵێم سارێژی چەندین نەخۆشییە و چارەسەری پێویست دەداتە چەندین نەخۆش، رەنگە هەندێك لە هۆڵەکان کردنەوەی بۆ ئامانجی بازرگانییە، بەڵام دەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕ لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو هۆڵەکان بکات، بۆ ئەوەی نەکرێتە ئامانجی ناشیرینکردنی ئەم یارییە، یاخود بازرگانیکردن بەم یارییە، کە نەتوانن راهێنان بە وەرزشکار بکەن و تەنیا بۆ ئەوە بێت داهاتیان دەست بکەوێت.

*** هەست ناکەی ئێستا ئەم یارییە لە ناو چینی گەنجان زیاتر پەرەی سەندووە؟**

- یاری لەشجوانی لەلایەن لاوانی هەموو جیهان جگە لەوەی لەزەتێکی تایبەتی هەیە، تەندروستییێکی باشیشی داوە بەوانەی رووی تێدەکەن، ئەوەش وایکردووە زیاتر لە ناو ئەم چینە پەرە بستێنێت.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە ؟**

- هیوادارم لە داهاتوودا هۆڵێکی گەورە بکەمەوە و لە ناو ئەم هۆڵەدا خزمەت بە وەرزشکاران بکەم لە بواری وەرزشیدا، یاخود ئەو لاوانەی کە حەزیان لەم یارییە هەیە و دڵیان پێوەیە لە ئاستی دەرەوەی وڵات وەرزش بکەن، هیوادارم چەند هۆڵێکی پرۆفیشناڵ هەبێت لەسەر سیستەمی جیهانی بۆ ئەوەی گەنجان روو لەم هۆڵانە بکەن. ئەگەر بەرپرسێك، یان سەرمایەدارێك ئەم کارە بکات، من ئامادەم وەکو وەرزشوان و کوردێکی بەشەرەف خزمەتێکی زۆر بە وەرزشکاران بکەم.

*** دەڵێن بڕیارە لەسەر گیرفانی خۆت بەشداری پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بکەی؟**

- بەڵێ، بڕیارە لەسەر گیرفانی خۆم بەشداربم لە پاڵەوانێتی جیهانی ئارنۆڵد کلاسیك کە لە وڵاتی ئیسپانیا ئەنجام دەدرێت. زۆر بە داخەوە هیچ هاوکاریم نەکراوە، یاخود لێمیان نەپرسیوە تۆ بەتەمای چیت؟ بەڵام منیش پێویستم بەهاوکاری داراییە، چونکە روون و ئاشکرایە خەرجی گرانە لە بواری لەشجوانیدا وا بۆ نۆ مانگ دەچێت من لە







**ئەحمەد مەریوان یەکێك لە پاڵەوانەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق و ئاسایە لە یاریی لەشجوانی، کەس نییە لە شاری کەرکوك ناوی ئەو کوڕە کوردە پاڵەوانەی نەبیستبێ بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لە پاڵەوانێتییەکانی نێوخۆ بەدەستی هێناوە و ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانی جیهانی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر بۆ هەرێمی کوردستان، هەرچەندە گرفتی داراییشی هەیە، بەڵام ئەو کۆڵی نەداوە و لەسەر گیرفانی خۆی ئامادەکاری دەکات، ئەحمەد مەریوان ساڵی ١٩٨٨ لە شاری کەرکوك چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.**

ئامادەکاریم و خەرجیم لەسەر خۆم بووە، بەڵام دڵم خۆشە وەك کوردێك لە پاڵەوانێتی جیهانی ئارنۆڵد بەشداری دەکەم.

*** تاچەند بەکارهێنانی دەرمانی وزەبەخش کاریگەری دەبێت لەسەر یاریزانانی لەشجوانی، ئایا خۆت بەکاری دەهێنی ؟**

-وزەبەخش بۆ یاریزانان دوو بەشی هەیە، بەشێك ئەوەی بۆ پاڵەوانێتی بەشداری بکات، دەبێت وزەبەخش بەرکار بێنێت لەلایەن مامۆستای لەشجوانی، یاخود لەلایەن پزیشکی بواری وزەبەخش کە بۆی دیاری بکات، ئەوەی تەنیا بۆ دابەزاندنی کێشە، یاخود بۆ تەندروستی وەرزشکارە، بەڵام لە هۆڵەکان نابێت وزەبەخش بەکار بێنن.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان و پاڵەوانێك تا ئێستا چی بوون؟**

- من پاڵەوانی کوردستان و عێراقم لە لەشجوانی، پاڵەوانی عێراقم لە یاری هێزی لەشدا، پاڵەوانی ئاسیام کە لە وڵاتی چین بەڕێوەچوو، ئێستاش ئامادەکاری دەکەم بۆ پاڵەوانێتی جیهان.

*** لە جیهان بە چ یاریزانێکی لەشجوانی زۆر سەرسامی؟**

- ئەکتەری بەناوبانگی جیهانی ئارنۆڵد شوارزنیجر.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- داواکارم لە نزیکەوە گوێبیستی داواکارییەکانم بن، تابتوانم زیاتر پەرە بەوەرزشەکەم بدەم، هاوکات خزمەتکاری وەرزشوانانی کورد و کوردستان بم، سوپاسی بۆ گۆڤاری گوڵان کەوا خزمەتی بەرچاوی وەرزشکاران دەکات لە سەرجەم شارەکانی کوردستان و یارییە جیاوازەکان بەبێ جیاوازی.



# لیستەر سیتی گرانترین گرێبەستی لە مێژووی خۆی مۆرکرد

یانەی لیستەر سیتی بەفەرمی ئاشکرای کرد، کە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی سیسکا مۆسکۆی رووسی و هەڵبژاردەی نەیجیریا ئەحمەد موسا مۆرکرد.

ئەم گرێبەستە بە بڕی ١٦ ملیۆن جونیەهی ئەستەرلینی مۆرکرد بووە گرانترین یاریزان لە مێژووی یانەکە. یانەی لیستەر سیتی پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی ئینگلیزی تا ئێستا گرێبەستی لەگەڵ چوار یاریزان مۆرکردووە، ئەوەیش هەریەکە لە گۆڵپارێز رۆن زیلەر و یاریزانی هێڵی بەرگری لویس هێرناندێز و یاریزانی هێڵی ناوەراست نامبلیز میندی.

ئەحمەد موسا تەمەن ٢٣ ساڵ لەگەڵ یانەی سیسکا مۆسکۆی رووسی ٥٤ گۆڵ لە ١٦٨ یاری تۆمارکردووە و لەگەڵ هەڵبژاردەی نەیجیریا ئاستێکی بەرێزی پێشکەش کردووە.



## لاس پالماس ئەستێرەیەک

یانەی لاس پالماس، کە لە خولی ئیسپانی یاری دەکات بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی گانی پرێنس بواتینگ مۆرکرد تا لە وەرزی داهاتوو لە خولەکە یارمەتی یانەکە بدات بەمەبەستی مانەوە.

زیاتر لە شەش هەزار هاندەر لە نێو یاریگا بەمەبەستی بەخێرهاتنی بواتینگ ئامادەبوون.

لەگەڵ گەیشتنی بۆ دوورگەی کەناریا، بواتینگ سەرسامی خۆی لە پێشوازیکردنی لە لایەن ڤالیرۆن ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و دیبەرتیڤۆ لاکرۆنیا لێکرا، لە هەمان گاتدا خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونی ئەم رێژە زۆری هاندەران دەربڕی.

لەگەڵ گەیشتنی بۆ دوورگەکە، ئێستا رۆژنامەکان بایەخێکی زۆر بە یانەی لاس پالماس دەدات، چونکە بواتینگ ئەستێرەیەکی دیاری بواری نمایشی جل و بەرگە و هەروەها خێزانەکەی میلیسا ساتا نمایشکەری جل و بەرگ و



## بەرگریکارێک پەیوەندی بە یانەی رۆما کرد

یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی تۆتنهام فیردریکۆ ڤازیۆ پەیوەندی بە یانەی رۆما-ی ئیتاڵی کرد بەمەبەستی مۆرکردنی گرێبەست بەشێوەیەکی فەرمی.

یانەی رۆما هەوڵی چارەسەرکردنی هێڵی بەرگری دەدا تا لە کۆتایی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی ئەرژەنتینی ڤازیۆ بەشێوەی خواستن مۆرکرد.

ڤازیکۆ لە ریزی یانەی ئەشبیلیە و تۆتنهام یاریکردووە.

یانەی رۆما لە وەرزی رابردوو پلەی سێیەمی خولی ئیتاڵی بەدەستهێنا.



## ــــــی هێنا ریزەکانی


پێشکەشکاری تەلەڤزیۆنی بەناوبانگ لە ئیتاڵیا هۆکاری سەرەکی ئەم بایەخ پێدانەیە.

گرێبەستی بواتینگ لەگەڵ یانەکە تەنیا بۆ یەك وەرزە، بواتینگ پێشتر لە خولەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئیتاڵی یاریکردووە، بەڵام بەهۆی کێشەکانی ئاستی تا رادەیەك دابەزیووە، بەتایبەتی لەکاتی دەرکردنی لە یانەی شالکەی ئەڵمانی بەهۆی ئاست نزمی و دەرکردنی لە هەڵبژاردەی گانا بەهۆی کێشە و گرفتی لەگەڵ راهێنەری هەڵبژاردەکە.

بواتینگ لە ساڵی ٢٠٠٧ لە خولی ئینگلیزی لە یانەی تۆتنهام و بۆرتسمۆس یاری کرد پاشان لە خولی ئیتاڵیا لە ریزی یانەی جەنەوە و ئەی سی میلان یاری کرد پاشان لە ریزی یانەی شالکەی ئەڵمانی یاریکرد.

# کـــۆڤان حەســـەن دەچێتە بەرازیل

کۆڤان حەسەن یاریزانی کوردی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان ماوەیەکی زۆرە لە کەمپێکی چڕی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بەشدارە و بەنیازی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لە ئۆڵمپیادی رۆی جانیرۆ لە وڵاتی بەرازیل کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوو شاندی هەڵبژاردەی عێراق بگاتە وڵاتەکە بۆ ئەوەی لە ٧ی هەمان مانگە دەست بە یارییەکانیان بکەن. ئێستا شاندی هەڵبژاردەی عێراق لە وڵاتی میسرە بۆ ئەوەی بتوانن ئامادەکاری باشتر بکەن و تاکە یاریزانی کوردیشە کە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشدارە، کۆڤان حەسەنی کوڕی شاری ئاکرێ-یە و لە بارەی ئامادەکارییەکانیشی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکی زۆرە وەکو هەڵبژاردەی عێراق لە مەشقداین بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، منیش وەکو کوڕە کوردێك بەشدارم و چاوم لە ریکۆردە بۆ ئەوەی بتوانم وەکو کوردێك مەدالیا بەدەست بهێنم و تەنیا لە یاری هاوێشتنی رم بەشدار دەبم و پێشتریش چەندین ریکۆردم شکاندووە، بڕیاریشم داوە باشترین هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی بتوانم ناوی خۆم و کوردستان و عێراقیش بەرزبکەمەوە.» گوتیشی: «لە ئێستادا خەریکی مەشق و ئامادەکارییەکانین بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و هیچ گرفتێکیشمان نییە.»





# سیروانی نوێ دەست بە ئامادەکارییەکان دەکاتەوە

دوای ئەوەی یانەی سیروانی نوێ وەرزی رابردوو توانی سەرکەوێت بۆ یارییەکانی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بەڵام تاکو ئێستا یانەکە بڕیاری دەستکردن بە یەکە مەشقەکانی نەداوە بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە تاکو ئێستا وادەی دەستپێکردنەوەی دیاری نییە، بەڵام راهێنەری یانەی سیروانی نوێ گەشبینە بەدەستپێکردنەوەی مەشقەکان و دانیشتن لەگەڵ یاریزانانی تیپەکە بۆ ئەوەی باسی گرێبەست و ئامادەکارییەکان بکەن، لەم بارەشەوە رزگار عەلی راهێنەری یانەی سیروانی نوێ بە گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا دەستمان بە مەشقەکان نەکردۆتەوە، چونکە ئەوە پارەی دەوێت و ئێمەش دەمانەوێ بەفەرمی ئیدارەی یانەکەمان لەگەڵمان کۆببێتەوە بۆ ئەوەی دانیشین لەگەڵ یاریزانان و باسی نوێ کردنەوەی گرێبەستی یاریزانانی خۆمان بکەین بۆ وەرزی نوێ، سەرۆکی یانەکەمان و کارگێڕی یانەکەشمان لەگەڵ ئێمە هاوڕان و پێشبینی دەکەین لە چەند رۆژی داهاتوو بتوانین کۆببینەوە لەگەڵیان و باسی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانان و دانانی بەرنامەی ئامادەکارییەکانمان بکەین بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە ساڵانە یانەکان چەندین گرێبەست لەگەڵ یاریزانان و راهێنەران دەکەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر خۆیان ئامادە بکەن و کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکەن، وەرزی رابردووش یانەی سیروانی نوێ بە شایستەیی خۆی گەیاندە خولی پلە نایابی یانەکانی کوردستان، ئەمساڵیش بەرنامەی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامی شایستەی هەبێت و کێبڕکێ بکات لەسەر بەدەستهێنانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستانیش بەهۆی گرفتی دارایی وادەی دەستپێکردنی خولەکەی ئاشکرا نەکردووە.»

# حاتم عەلی گرێبەستی زۆری پێشکەش کراوە

حاتم یەکێک لە باشترین یاریزانەکانی شاری سلێمانی کە ماوەی چەند وەرزێک لە خولی نایابی عێراقی بۆ هەریەک لە یانەکانی زاخۆ و دهۆک و سلێمانی یاری کردووە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردن بووە، بەڵام بەهۆی پێکانەوە ماوەی زیاتر لە وەرزێکە لە یاریگاکان دوورکەوتۆتەوە، پزیشکی تایبەتی خۆیشی ئەوەی پێ ڕاگەیاندووە کە دەبێ جارێك پشوو بدات، هەتاکو دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، بەڵام بەر لە چاکبوونەوەی بە یەکجاری، چەند یانەیەك داوایان لێ کردووە بۆ ئەوەی لە خولەکانی عێراق و کوردستانیش یاری بۆ تیپەکانیان بکات، لەم بارەشەوە حاتم عەلی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوەی ڕاستی بێت چەندین گرێبەستم بۆ هاتووە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێ یاری لە ڕیزی تیپەکانیان بکەم، لە هەردوو خولی کوردستان و عێراقیش، بەڵام پزیشکی تایبەتی خۆم لە وڵاتی ئێرانە و لەم ماوەیەدا سەردانی دەکەم بۆ ئەوەی پشکنینە پزیشیەکانی خۆی بۆ من ئەنجام بدات، ئەگەر ئۆکەی تەواوم بداتێ، ئینجا دەگەڕێمەوە نێو یاریگاکان، چونکە خۆی ڕێنمایی کردووم و ئەوەی پێم ڕاگەیاندووە تاوەکو بە تەواوی لە پێکانەکەم چاك نەبمەوە، ڕێگەم پێ نەدات بگەڕێمەوە نێو یاریگاکان، بە هیوای ئەوەشم بتوانم بە زوویی بگەڕێمەوە نێو یاریگاکان بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتری وەرزشیی کوردستان بکەم.

